# هەواڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ,سۆسیالستی,جەماوەری جیهانی

عەلی مەحمود

چین

وەزیری پیشەسازی فەرەنسی ڕاگەیاند ئەگەر ناردەی چین لە پیشەسازی ڕستن و چنین بەم شێوەیە گەشە بکات ئەمساڵ کەرتی ڕستن و چنینی فەرەنسی **17000** کرێکار کارەکانییان لە دەستەدەن . ساڵی **2003** چین **17**٪ بازاڕی جیهانی دیاری دەکرد لەم کەرتە , بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانی وا بڕوات بۆ سێ ساڵی داهاتوو , ناردەی چین لەم کەرتە دەگاتە **50**٪ . لە دوو مانگی یەکەمی ئەمساڵ ناردەی چین لە کەرتی ڕستن و چنین بۆ ئەوروپا **500**٪ چووە سەر , ئەمەش وای کرد وولاتانی ئەوروپا سنورێك بۆ ناردەی چین دابنێن , بەڵام باڵوێزی چین لە برۆکسل جوان پێکای کە ووتی : ئەوان داوای بازاڕی ئازادە کەن , ئێستا دەیانەوێت دەرگاکەی دابخەن .



کوەیت

زیاتر لە **1000** کرێکاری بەنگەلادیشی لە بەرواری **24-4** لە شاری کوەیت چوونە بەردەم سەفارەتی وولاتەکەیان و دایانە بەر بەرد , دوو کەس بە سوکی بریندار بوو , بەهۆی ئەوەوەی **5** مانگە مانگانەیان وەرنەگرتووە , بەهەرزانترین نرخ لە کەرتی خاوێن کردنەوەی کۆمپانییایەك کارە کەن , لە کوەیت **170000** کرێکاری بەنگەلادیشی هەیە , هەقدەستییان لە کرێکارانی هەموو وولاتان کەمترە .

ڕفاندنی کچان و ژنان

کۆمەڵەی منداڵان ڕزگار بکەن ڕایان گەیاند **120000** کچ و ژن ڕفێنراون لە ساڵی ڕابردوودا ,بۆ بەکار هێنانییان لە کردارە سەربازییەکان و کاری بەردەست و سێکسی , چەکدارانی سوپای خوا لە ئۆگەندا **6500** کچییان ڕفاندووە , لە کۆنگۆی دیموکراتیش **21500** کە لەوانە **42**٪ منداڵن .

فەلەستین

چەکدارانی حەماس کچە لاو یسرا ئەلعەزامییان دایە بەر دەست ڕێژی چەکەکانییان و کوشتییان لەکەناری غەزە لە بەرواری **10-4-2005** , ئەم هێرشەش لە لایەن دەستە چەکدارەکانی (قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ئەخلاقی )یەوە ئەنجام درا ,بەم کارە کۆمەڵگەی فەڵەستینی هەژا , چونکە فەلەستینییەکان کراوەن و ئەم کردارانە غەریبە پێیان . حەماس لایەنێکی کۆنە پارێزی دژ بەئافرەتانە هیچ ئافرەتێك لە ڕابەرایەتیدا نییە .

ئەرجەنتین

دادگای ئیسپانییا بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی شیلینجۆی بە **620** ساڵ سزا دا , بە تاوانی بەردانەوەی **30** کەس بەساغی لە فڕۆکەوە , لە نێوان ساڵانی **1976-1983** تاوانی گەورە بەرامبەر کۆمەڵە چەپەکان ئەنجام درا لە لایەن حکومەتی سەربازی ئەرجەنتینەوە , کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەمەریکاوە پشتگیری دەکرا .



قوتابخانە

یونسێف ڕای گەیاند لە جیهاندا **115** ملیۆن منالٚ بێ بەرین لە خوێندن , بەشی زۆری ئەو منالٚانە کچن .



ئەرمینییا

لە بەرواری **4-24** زیاتر لە **10000** لە ئەرمەنییەکان ڕژانە سەر شەقامەکانی یەریڤان لە یادی **90** ساڵەی کردەی جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان بەدەست عوسمانییەکان .

کۆچەریانی سەرۆکی ئەرمینییا ووتی : قەرەبووی مادییمان ناوێت , تەنها داوای لێبوردنمان دەوێت , دەبێت دان بەو تاوانە نامرۆڤانەیە بنێن.

لە ئاستی جیهانیشدا پشتگیری هەمە لایەنە کرا لە ئەرمەنەکان ,دۆمای ڕوسی , کەنەدا و فەرەنسا و ئەڵمانییا داوایان لە تورکییا کرد دان بە تاوانەکاندا بنێت . بۆ حکومەتی ئیسلامی گرانە دان بە کوشتنی ئەرمەنییەکان بنێت کەبەناوی غەزاوە کوژراون و ئێستا بە پەڵەیەکی ڕەشە ژمێردرێت بۆ خەلافەتی عوسمانی ئەوان خەون بە دامەزرانەوەی دەبینن .





ئیکوادۆر

جونتێزی **47** ساڵەی سەرۆکی وولات پاش خۆپیشاندانی گەورە هەلات , لە کانوونی دوەمی ئەمساڵەوە خۆپیشان دان دژی ئەنجامە درێت , کاتێك لەگەلٚ پارتەکەی عبدواللە بۆ کرەم ڕێك کەوت تاوانەکان لەسەری هەلگرێت , ئیتر کەوتە بەر ناڕەزایەتی , لە ساڵی **1997** ەوە ئەمە سێیەم سەرۆکە لە ئیکوادۆر جەماوەر لای دەبات . سەرۆك ووتی : من دز نییم بەلٚکە ویستوومە پارە لە دزەکان بسێنمەوە , جوینتس ساڵی **2002** گەیشت بە دەسەلات وەك چەپێك بۆ دژایەتی گەندەلٚی , بەلام بەهۆی

سەر شۆڕکردنی بۆ داخوازەکانی سندوقی دراوی جیهانییەوە و ئەنجاندانی چاکسازی دژ بەرژەوەندی هەژاران لایەنگرانی لێی کشانەوە لە چەپ و هەژاران و هیندییە سورەکان , بەهۆی ئەم لاوازییەوە پارتە ڕاسترەوەکان دەسەلاتییان لێسەندەوە . پەرلەمان بڕیاری دا دەسەلات بۆ ئەلفریدۆ بالاستیۆی جێگیری , تا ساڵی **2007** دەمێنێتەوە .







بۆرما

حکومەتی بۆرما(میانمار) چەکی کیمییاوی دژ بە نەیارانی لەبزووتنەوەی کارین بەکار دەهێنێت , بەهۆی چەکی کیمیاوییەوە توانای ڕێکردنییان لێ دەبڕێت و هۆشییان لاوازەکات.



ڕوسیا

دۆمای ڕوسیا بڕیاری دا خۆپالاوتن بۆ پەرلەمان دەبێت تەنها لە ڕێگەی لیستی حیزبییەوە بێت , هەندێك لە چاودێرانی سیاسی ئەم هەنگاوەیان بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازای ناو برد , جاران **50**٪ کورسییەکان لە ڕێگەی تاکەوە دادەنرا .

مەکسیك

پەرلەمانتارانی چەپ سەر بە پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ , لە کاتی چوونییان بۆ مانگرتن لەبەردەم کێلگەی سەرۆکی وولات توشی دەرگیری بوون لەگەڵ حەرەسەکانی سەرۆك , مانگرتنەکەیان بۆ پشتگیری یە لە سەرۆکی شارەوانی مەکسیکۆ (لۆبیز ئۆبرادور) , کە جەماوەریترین کەسایەتی مەکسیکییە , ڕاستەکان لە دەرچوونی لە پێشبڕکێی سەرۆکایەتی دەترسن بۆیە ڕێگری بۆ دروستە کەن بۆ ئەوەی خۆ نەپاڵێوێت بۆ سەرۆك کۆماری لە ساڵی **2006**.

مردنی مناڵان

ڕێکخراوی ئۆکسستام ڕای گەیاند لە شوباتی ڕابردوەوە زیاتر لە **2** ملیۆن مناڵ لە برسان مردوونە , هەروەها ووتییان لە جیهانندا هەر سێ سانییە جارێك مناڵێك لە برسان دەمرێت . سەرۆکی ڕێکخراوەکە ڕۆمێر ووتی : نامانەوێت سانییەکان بژمێرین بۆ مردنی مناڵەکان .
هەرچی ڕێکخراوی پزیشکی جیهانییە ڕای گەیاند : هەر کاتژمێرەی ژنێك و **20** مناڵ دەمرن .



منالّ و مەلارییا

ئەمسالّ مەلارییا **3** ملیۆن منالّی کوشتووە , ئابوری زانی بەناو بانگی ئەمەریکی (جیفری ساتش) ڕای گەیاند , هەرچەندە تولە خستنە سەر جێگەی خەوی منالاّن تەنها **5** دۆلاری تێدەچێت , بەلاّم لەبەر هەژاری نییانە بیکڕن .
ئامارەکان ڕایان گەیاند لە جیهاندا **10,6** ملیۆن منالّ بە نەخۆشی سانا دەمرن .



یابان

پاش ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی چینییەکان پێی هەلّسان دژ بە پەرتوکی خوێندنی ژاپۆنی کە تاوانەکانی ژاپۆنییەکانی کەم کردبوەوە , سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن داوای لێبوردنی لە چین و ئاسییەکان کرد .





هیندستان

پارتی کۆمۆنیستی مارکسی هیندی لە **11-4-2005** کۆنگرەی پارتەکەی کۆتایی پیّ هێنا ,لەو کۆنگرەیەدا **85** ئەندام بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەلّبێردران , **20** ئەندامی نوێیەو , لە **21** ئەندامی مەکتەبی سیاسیش **4** نوێیە . پارکاش کارای **65** سالّەش هەلّبژێردرا بە سکرتێری حیزب ,ناوبراو لە **1970** پەیوەندی کردووە بە پارتەوە , لە **1985** بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و **1992** مەکتەبی سیاسی , سەرۆکی دەزگایەکی پەخش و ڕاگەیاندنەوەو نوسەرێکی بە تواناو دوو خول سەرۆکی لیستی پارتەکەی کردووە لە پەرلەمان . سەرۆکی پێشوی پارتیش بووە سەرۆکی دەزگای چاودێری حیزب .

ئیسرائیل

سالآنە لە ئیسرائیل هاوڕەگەزە جووت بووەکان خۆپیشاندانێك سازە کەن , بڕیار بوو ئەمسالّ لە بەرواری **30-3** لە قودس ئەو خۆپیشاندانە ساز بکەن , بەلآم پیاوانی ئاینی جولەکەو کریستان و ئیسلام یەککگرتووانە لە دژی وەستانەوە .لە خۆپیشاندانەکە داوای یەکسانی دەکەن لەگەلّ هاوولآتییانی کەو مافی زەواجییان پیّ بدرێت وەك وولآتانی ئەورووپی .

سوید

لە سوید پارتی ژنان دامەزرا , لە پێناو بەشداریکردن لە هەلّبژاردنەکانی سالّی **2006**. ئەم پارتە خەباتە دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە دورە پەرێزکردنی ژنان لە کۆمەلّگەی سویدی و یەکسانی تەواو لە کار و سیاسەت بۆیان , بەرشۆن کە چەپ و سەوزەکان پشتگیری دەکەن بۆ سەرۆکایەتی ووتی : مەترسی ژنان زیاترە لەسەری وەك پارتە ڕاستەکان . ئەم پارتە شیمان سەرۆکایەتی دەکات ناوبراو لە سەرکردایەتی پارتی چەپی سویدی بوو لە نێوان سالآنی **1988-2003**.

پیرۆ

جوتیارانی پیرۆیی فرودگای شاری ئەنداهوایلاسییان گرت , لە بەرامبەر دابەزینی نرخی پەتاتەو نەبوونی ڕێگاو بانەوە . ئەم ناوچەیە **1000** کم لە ڕۆژهەلآتی پایتەختە .

لەندەن

**25000** کەس لە بەرواری **16-4** ڕژانە سەر شەقامەکانی لەندەن داوای یاسایەکی پارزگانی دادپەروەرانەیان کرد بۆ کرێکارانی وولآتانی هەژار , ناویان لە خۆپیشاندانەکەیان نا ( ڕاپەڕین بۆ بازرگانییەکی دادپەروەرانە), ئەم خۆپیشاندانە ڕێکخراوی دادپەروەری بازرگانی ڕێکی خست , بەشێك بوو لە هەفتە چالاکییەك .

برۆکسل

**600** خۆپیشاندەر لە شاری برۆکسلی بەلجیکی دژ بە ناتۆ خۆپیشاندانییان ساز کردبوو لە لایەن پۆلیسی برۆکسلەوە دەگرترێن .

میسر

ڕەفعەت سەعید سەرۆکی پارتی تەجەموعی میسری چەپڕەو ڕایگەیاند ئیخوانەکان پەیوەندی ژێر بە ژێرییان لەگەلّ ئەمەریکا دروست کردووە .

ژاپۆن

**49** پەرلەمانتاری ژاپۆنی داوا دەکەن ژن بۆی هەبێت ببێت بە ئیمپراتۆری وولآت , تا ئێستا لە ژاپۆن ژنان بۆیان نییە ببن بە ئیمپراتۆر .
لە ژاپۆن زیاتر لە **90**٪ بەرپرسیارییەتی بە دەست پیاوانەوەیە , تەنانەت لە کاروبارە ئابورییەکانیشدا .

گەشت و گوزار لە جیهان

داهاتی کەرتی گەشتو گوزار لە جیهان گەیشتە **6200** ملیار دۆلار لە سالّی **2004** , **220,7** ملیۆن کاری تێدا دەکەن , **1,6**٪ بەرهەمی نەتەوەیی جیهان پێك دەهێنێت .

كوبا

كاسترۆ لانی کەمی کرێی **100٪** زیادکرد لە **21–4–2005**. لە دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەتەوە کوبا لە هەلومەرجێکی ئابوری دژواردا دەژێت . **1,6** ملیۆن کرێکار لانی کەمی کرێ وەرە گرن .



مەغریب

سەدان قوتابی زانکۆی مەغریبی ڕژنە سەر شەقامەکانی ریبات و داوای نەمانی گەندەڵی و دزیی و پاراستنی سامانی گشتی وولاتییان کرد , داواشییان کرد ئەوەی دزراوە بگەڕێتەوە . دروشمی سەرەکی (**بالنظال وسمود مال العام سيعود ).**

کۆلۆمبیا

فارك ڕای گەیاند حکومەت نەیارانی خۆی لە جوتیاران–قوتابی– پارێزەر–سەرباز–مامۆستا–پەرلەمانتار– هیندییەکان بەناوی قاچاخچی بە مادە بێهۆشکەرەکان تەسلیم بە ئەمەریکا دەکات .
هەروەها فارك ڕای گەیاند کۆپتەرێکی بەرداوەتەوەو **7** کەشی تێك شکاندووە . ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی **1964** لە لایەن مانۆیل مارۆلاند ناسراو بە تیرۆ فیجۆ دامەزراوە , **17000** چەکداری هەیەو لە **120** بەرە دەجەنگێت دژ بە دەسەڵات , سنورێکی گەورەی خاکی وولات لە ژێر کۆنترۆڵییانە .
لە بەرواری **23–4** یشدا لە باشوری کۆلۆمبیا سەرۆکی وولات لە مەرگ ڕزگاری بوو , کە چەپەکان خۆیان بۆی ئامادە کردبوو .




ئیتاڵییا

پاش ئەو شکستە کاریگەرەی چەپەکانی ئیتاڵییا لە هەڵبژاردنی شارەوانی لە بەرەی ڕاست بە سەرۆکایەتی برلۆنسکییان وەشاند , لە ئەنجامدا حکومەت هەڵوەشایەوە , لە بەرواری **23–4** حکومەتێکی نوێی ڕاستڕەوی کە بەسەرۆکایەتی برلۆنسکی ڕاگەیەنرایەوە , زۆربەی وەزیرەکان کورسییەکان خۆیان پاراست تەنها وەزیری ڕۆشنبیری–ئابوری–جێگیری سەرۆك وەزیران گۆڕان . جیاوازی ئاستی گەشەکردنی باکوری دەوڵەمەند و باشوری هەژار کە بێکاری **15٪** پێك دەهێنن یەکێك لە کێشەکانە .